دەنگی ئێمە

# ئێمە لەنێوان ڕەخنە و خوێندنەوەدا

ئاوات عەبدوڵلا دەینوسێت



بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك دەچێت چەندین جۆر ڕەخنە و ناڕەزایی لە چەندین شێواز و شوێنی جیاوازدا خۆیان نمایشکرد سەبارەت بەوەی کە لە ڕێگای کتێبێکەوە گاڵتە و سوکایەتی بە پێغەمبەر و دینی ئیسلام کراوە، وەك سەرەتا من دەمەوێت زۆر بە ڕوونی ئەوە بڵێم کە من بە هیچ شێوەیەك نامەوێت لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە بچمە نێو ئەو دوو جۆرە لە نالۆژیکی و نا مەعریفی کە لە لای ئێمە سەریان هەڵداوە، ئەویش بەوەی لایەنێك بەبێ ڕێزی کردن بەرامبەر بە دینی ئیسلام و لایەنێکی دیکەش بە داکۆکی کەری ئەم هاوکێشە ناڕێکە ناسراون، ئەوەی کە لە لای من زۆر گرنگە ئەوەیە لە پشت ئەم مەسەلەیەوە حاڵەتێکی ئێجگار قێزەون و بێ مانا وجودی هەیە کە ڕەنگە تێگەیشتن لەم حاڵەتە ئێمە بگەیەنێتە قەناعەتێك تا لەوێوە بتوانین لە بەدحاڵیبوون و نامەعریفی کۆی هەموو ئەم جۆرە مەسەلانە تێبگەین، ڕەنگە تا ڕادەیەك ئاگاداری ئەوەبین بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەچێت لە وڵاتی ئێمەدا جۆرێك لەپڕکردنەوەی لاپەڕەی گۆڤار و کتێب و ڕۆژنامەکان دەستی پێکردوە سەبارەت بە ڕەخنەگرتن و نووسین لە بواری ئیسلامی سیاسی و هەندێکجار بۆ سەر خودی دینی ئیسلام، بە بڕوای من ئەم جۆرە نەریتە جگە لە هەندێك حاڵەت و شوێنی ئێجگار کەم لە بەرامبەردا زۆرینەیان بەدەر لە مەسەلەی کار و کاسپی و پارە پەیداکردن و هەندێکجاریش ماستاو ساردکردنەوە بۆ لایەن و حزبێکی سیاسی جگە لەم شتانە لە ڕاستیدا ئێمە هیچ ئومێد و خاڵێکی ڕوون بەدی ناکەین، ئەم جۆرە نەریتە بە بڕوای من مەترسی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە والێدەکات مەبەستی سەرەکی و بنەڕەتی خۆمان لێ ون ببێت، مەبەستم لەوەیە بێگومان ئێمە وەکو یەکێك لە کۆمەڵ و وڵاتە زۆر هەژارەکانی دابڕاو لە دونیای پێشکەتن و خوێندنەوەی زانستی و کایەی مەعریفی پێویستییەکی زۆرمان بە چەندین جۆر ڕێگا و بوار هەیە کە بتوانێت دین بە گشتی و ئیسلام بە تایبەتی بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی وردی ئەکادیمی و مەعریفییەوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە نەك ئەوەمان نەبینی بەڵکو لە بەرامبەردا جۆرێك لە نەزعەی منداڵ بازاڕی و کاسبکاریمان کەوتە بەرچاو، زۆرینەی هەرە زۆری پیاوە کاسبکار و نازانستییەکان توانیان لەم ڕێگایەوە داهات و دەستکەوتێکی زۆری مادی و مەعنەوی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، لێرەشەوە یەکەمین شت کە بووە پەراوێز و تەزحیەی ئەم حاڵەتە ئەو جۆرە لەشیکردنەوە و خوێندنەوەبوو کە وەك دەزانین لەلای ئێمە ون بووە، دیارە لە هەندێك شوێن و نەفەسی جیاوازدا ئێمە حاڵەتی ڕاستەقینەی ئەم شتە هەست پێدەکەین، بەڵام لەچاو لێشاوی شێوازە بازاڕییەکەدا ئەم شێوازەی دیکەیان هێشتا لەلای ئێمە جێگیربوون و ئاستی پێگەیشتوویی خۆی وەرنەگرتووە، لێرەدا حاڵەتێکی گەلێك سەیرتر هەست پێدەکەین، من زۆرم بەلاوە سەیرە ئێمە خاوەنی لێشاوێك لە پیاوی ئاینی و زانای ئاینی و بگرە گروپ و ڕێکخراوی ئاینیشین، بەڵام کاری ئەمانە وەکو خەڵکانی تر جگە لە پەستی و پەشێوی و هەڵچوون هیچی تر نەبووە، کاتێك لە لایەن کەسێکەوە نووسین یاخود هەرجۆرێك لە هەڵە و ناهەقی بەرامبەر بەدین و بنەما دینییەکان دەکرێت بۆ دەبێت هەموو جۆرێك لە کار و هەڵوێستی ئێمە جگە لە تەکفیر و کوشتن و ڕەفزکردن خاوەنی هیچ ڕێگایەکی دیکە نەبین، من پێموایە بە شێوەیەکی گشتی تا ڕادەیەك بۆ خەڵکانی تر ڕەنگە ئاسایی بێت جگە لە جنێو و هەڵچوونی عاتیفی هیچی تر نەزانن، بەڵام هەرگیز ئاسایی نییە بۆ کەسێك کە خۆی بە زانا و تێگەیشتو ناوزەد بکات کەچی ئەویش بۆ داکۆکیکردن لە بیر و باوەڕەکەی هەمان میکانیزم و شێوازی خەڵکی دیکە هەڵبژێرێت، بە بڕوای من دەکرێت ئێمە لە بەرامبەر هەرجۆرێك لە تێگەیشتن و نووسینی نازانستی و نالۆژیکی بەرامبەر بە بیر و باوەڕەکانمان لە جیاتی فەتوای کوشتن و گرتن و دەرکردن هەوڵبدەین ڕێگایەکی جوانتر و مرۆڤانەتر و زانستی تر هەڵبژێرین ئەویش خستنە ڕووی هەموو ئەو جۆرە هەڵە زانستی و دەمامکە سیاسی و ئایدۆلۆژییەی کە لە لایەن کەسی ڕەخنەگرەوە وجودییان هەیە، لە ڕاستیدا ئێمە بە تەکفیر و کوشتن و جنێودان نەك ناتوانین خزمەت بە دین و خوێندنەوەی زانستی بۆ دین بکەین بەڵکو لە بەرامبەردا بێئەوەی بەخۆمان بزانین خزمەتێکی زۆر بە لایەنی بەرامبەر دەکەین ئەویش بەوەی کاتێك تۆ فەتوای کوشتن و فەزع کردنی ئەو دەردەکەیت ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەموو ئەم شتانە دەچنە خزمەت ئەو بەرژەوەندی و مەبەستەی کە ئەو لە پشت ڕەخنەکانییەوە هەوڵی بێوچانی بۆ دەدات.